ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 19:13 20-12-2007

## تۆز و بای بیابان و گڕەی فڕۆکەی تورکە موسڵمانەکان ... نەجات حەمید ئەحمەد

شەوی دووەم ڕۆژی جەژن ئاسمانی کوردستان پڕ بوو لە تۆزو خۆڵی هاتوو لە بیابانەکانی باشووری عێراقەوە دەتوت ئەمە نۆزی لاشەی ئەنفالکراوانی کوردن و دەیانەوی لە جەژندا بێنەوە کوردستان و پیرۆزبایی جەژن لە کەس و کاری خۆیان بکەن ئەوانەی دەستیان لە یەك بەربوو بۆ جارێکی دیکە نەگەڕانەوەو کرانە تۆزو لمی بیابان... بەڵام هەر لە ڕۆژانی جەژندا سەرکەوتن و هێرشە



جەربەزەییەکانی موسڵمانانی تورك و نەڕەی فڕۆکە وناپاڵم هاوێژەکانیان ئاسمانی کوردستانیان تاریك ترو خەمگین ترو دووکەڵاوَی تر کرد... لە خۆم دەپرسی لە نێوانی ئەمڕۆو دوێنێی کارەساتەکانی کورد

مێژوو بۆ ئەوەندە بە هێزەوە بە بی بەزەییانە بە سەرهاتی کوشتن و بڕینەکانی لە کۆڵی ئەم نەتەوە بێکەسە لاناداو حیکمەت لە مێژووی کوشتن و بڕینی کورد چیە کە دەڵێی چارەنووسێکەو تەنها ناپاڵم و ئاگرو ئاسن ماناکانی دەزانی و دەینووسێتەوە بەڵام مێژوو لە دیدی من فێڵێکی سیاسیمان لی دەکات

بۆچی تورك سەرەتای چەژن هەڵدەبژێری بۆ کوشتنی مرۆڤی کوردو ئاژەڵ و مەڕو ماڵات و خاکی کوردستان لە دووکەڵ تاریك دەکات ئاخۆ دەبی ئەمە باجی موسڵمان بوونمان بی؟

لە سەرەتای هەشتاکان لەو کاتەی حکومەتی عێراق گوایە گفت و گۆ لە گەڵ شۆڕشی کوردا دەکاو لە زاری سەدام حوسێندا بڵاو کرایەوە کە بەڵێن بی شایی و ئاهەنگ بخاتە نێو هەموو ماڵێکی کوردەوە کورد دوو مافی لە عێراقدا هەیە یەکێکیان مافی عێراقی بوونەو ئەوی دیکەشیان مافی کوردبوون وموسڵمان بوونە...

هێشتا پایزی گفت و گۆکان بە سەر نەچوبوو مەرەکەبی سەر کاغەزەکان ووشك نەبووبونەوە هەرچی گوندی دەورو پشتی کەرکووك هەبوو هەمووی بە شۆفەڵ وێران کردو هەرچی فڕۆکەی ناپاڵم هاوێژو کورد کوژی هەبوو ناردیە سەر گوندەکانی کوردستان و دڕندەیی ئەو هێرشانە ئەوەندە توند بوون تەنانەت نەك تەنها یەکێك لەو دوو مافەی بۆ کورد بەڕەوا نەبینی بەڵکو مافێکی مێژووییشی لە کورد سەندەوە کە موسڵمان بوونیەتی کە بە پێی شەرع و قورئان بە کوشتنی موسڵمانێك عەرشی حودا دەلەرزی و کوشتنی موسڵمان بە دەستی موسڵمان وەکو کوشتنی ئیسلام وایە... لە ماوەی ڕۆژانی ڕابوردوودا زۆر باس لە گۆڕانکاری دەکرا لە کوردستانی نورکیا و گفت و گۆیەکی زۆر کرا دەربارەی جڵەو گیر کردنی نەعرەتەی جەنەڕاڵە تورکەکان و سیاسیە ورگنە تینوەکان بە ناوی مرۆڤی کورد و هەروەها باس لە باشتر کردنی ژیانی کورد دەکرا لە کوردستانی تورکیا... بەڵام وای پی دەچێت مێژوو بە لایەنی

کوردەوە دووبارە بوەوە کە موسڵمان بوونی کوردو دڵسۆزیی بۆ ئیسلام و پاپەند بوونی بە بەهاکانی ئیسلام بوونیەوە شەفاعەتی ئەوەیان بۆ نەکرد کە گەورەترین جەژنی موسڵمانان کە جەژنی قوربان و ڕەمەزانە ڕۆژانێك بن بۆ خودا نەك تەنها بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو خودا پەرستانیش بە بی جیاوازی

مێژوو زۆر جار بە ناشرینترین و نامرۆڤانەترین شێوە حۆی دووبارە دەکاتەوە... لە جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژانی ڕەمەزاندا ئەنفال کراوانی کورد مردنیان لە بیریشدا نەبوو لە هۆڵی ئەوەدابوون دەست نوێژ چۆن یشۆن و چۆن بەڕۆژی بن لە ڕۆژانی جەژندا کە منداڵەکانیان لی سەندرابووەوو کەس نەیدەزانی کە چۆن بی سەرو شوێن کران و بۆکوی بران و چی دەخۆن و چی لە بەردەکەن کورد لە نێو تەلبەندو دڕك و شیشەکاندا هەرۆژەو چەند کەسێکیان لە برسێتی و نەخۆشیدا دەمرد چونکە برا موسڵمانە هاو ئاینەکانیان لە مۆڵەتی جەژندا بوون و لە گەڵ منداڵە خۆشەویستەکانیان کاتێکی پڕ بەختەوەریان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبردە سەر... ئەم جەژنەش ئافرەت و منداڵانی کورد لە نێو سەرماو سۆڵەی زستان و بەفرو باراندا ماڵ و حاڵیان جی دێڵن و بەرەو ڕووی ئاگرو ئاسنی فڕۆکەو تۆپ و دەبابەی تورکان دەبنەوە ئائەمەیە ئەخلاقی موسڵمانێتی بوون و باجی موسڵمانێتی بوونی کورد... سیاسیەکانی تورك دەڵێن توانامان هەیە عێراق لە نەخشە بسڕینەوە سیاسیەکانی بەعسیش دەیانگوت کوردستان دەکەینە پارچەیەك لە ئاگرو ئاسن.. بەعس ڕێکەوت و موناسەباتەکانی هەڵدەبژارد بۆ دەست وەشاندن لە کورد تورکیش هەمان ڕۆژان هەڵ دەبژێرن بۆ کوشتنی ئافرەت و منداڵانی کورد... بەعس بە ناوی موسڵمانێتیەوە کوردیان دەکوشت و لە سەر ئاڵاکەیان دوو ووشەی ( (الله اكبر) ) یان زیاد کرد تورکیش

دەڵێن ئێمە موسڵمانین و بۆ سەرکەوتنی ئیسلام هاتووین.. لەم بە سەرهاتە تراژیدیە مێژوویانەدا هەروەها حیکمەت و فورسەت و بە خۆدا چوونەوەش هەیە بۆ هەموو لایەك کە هیچ نەبی ئارەقەی ڕژاوی موسڵمان بوونی هەموو لایەك لە ڕوودا بگیرێتەوەو بەهایەکی تۆزێك پیرۆزتر بەو بەها مێژووییانە ببەخشرێتەوە کە لە سەرووی هەموویانەوە کورد نەتەوەیەکی ئەوندە کێوی و وەحشی نیە کە تەنانەت هەڵکردنی ئاڵای سپیشی لی قەبووڵ نەکری وژیانی مرۆڤیشی لی زەوت بکری.. فەرموون موسڵمانانی تورك سەیری مێژوو بکەن لە ماوەی دووساڵدا شتێك لە عێراقدا نەما کە ناوی گوندی کوردو شاخی کوردو شاری کورد بی.. هەموو سوتێندران و گۆڕان و لە ناو بران بەڵام شەڕ کەتەنها ماڵ وێرانیی بە دواوەیەو زوڵمیش قەت هەتا سەر نەبوە سەدام و نەوەو بکوژەکانی بە چارەنووسێکی زۆر تراژیدی و ڕەش گەیشتن و لەو کاتەش ئەو چارەنووسە ڕووی لە لێژی کرد کە لە سەردەمی سەرکەوتن و هێزی خۆیادا دەژیان.. ئاخۆ ئێوەش دەتانەوی هەمان چارەنووس هەڵبژێرن؟ مێژووی دروست کردنی تراژیدیا کە بۆی هەیە سەدان ساڵ درێژ بێتەوە بەڵام لە گەڵ نیازی خاوێن و باوەڕ بوون بە ئاشتی و قەبووڵ کردنی بەرامبەرو گفت و گۆ بۆ چەند مانگێك کورت دەکرێتەوە و ئەم ئیرادەیەش لە دەستی ئێوەدایە ئاخۆ ئێوە مێژووی خوێن و تراژیدیا هەڵدەبژێرن یاخود مێژووی ئاشتی؟؟ ئەگەر هەزار کورد بکوژری و دە تروکیش بکوژری هەر دەبێتە مێژووی کوشتن و کوشتنەکان قووڵترو درێژ تر دەبنەوە ئایا ئێوە لە گەڵ ژیاندان یاخود کوشتن؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.